له بڵاو كراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت

# سه‌ره‌تا

# یه‌ك خواپه‌رستی

# ئه‌ی بانگه‌وازخوازانی ئیسلام

## له وته‌كانی زانای فه‌رمووده‌ناس

## محمد ناصرالدين الألباني

(رحمه الله تعالی)

وه‌رگێڕانی

**هیوا نجم الدين حيدر**

پێداچونه‌وه‌ی

**م.صلاح الدين عبدالكريم**

---

ماڵپه‌ری به‌هه‌شت

ba8.org

ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه‌ و له‌پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه‌ كه‌ سه‌له‌فی صالّح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه‌ سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه‌.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ [سورة آل عمران ١٠٢] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء: ١].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

لەڕاستیدا ئەم نامیلکەیە[1] وەڵامێکی بەسوود و بێ وێنەی زانایەکی بەناوبانگی ئەم سەردەمەیە ئەو زانایەش بریتیە لە فەرمودەناسی سەردەم (محمد ناصرالدين الألباني ).

پرسیارەکە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە:

(ڕێگای سەرکەوتنی موسڵمانان کامەیە لەم ڕۆژگارەدا؟، بانگەوازخوازان بەچی دەست پێ بکەن لەکاتی بانگەواز دا بە یەك خواپەرستی(تەوحید) یان بە سیاسەت و هەوڵدان بو کورسی و دەسەلآت).

بۆیە بەباشم زانی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی تا هەموو لایەك سوودمەند بن، لەکۆتایدا داوا کارم خودای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام .

وەرگێڕ

---

[1] ئەم نامیلکەیە لەبنەڕەتدا بریتیە لە کاسێتیکی دەنگ پاشان نوسرایەوە، وە لە گۆڤاری (السلفية) لە ژمارە چواریدا لەساڵی ١٤١٩ك دا بڵاوکرایەوە

**پرسیار:** شێخی بەڕێز بێگومان خۆتان دەزانن ڕۆژگارو واقعی ئەم ئوممەتە لەڕووی ئاینەوە ڕۆژگارێکی ناخۆش و تەنگ و چەڵەمەیە بەهۆی نەفامی و نەزانی(خەڵکی) بەرامبەر بەبیروباوەڕ و یەك خوا پەرستی خودای گەورە ، وە دووبەرەکی و دابەشبوون لەڕێبازدا وەپشت گوێ خستنی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بەو شێوەی کە پێغەمبەری خودا لەسەری بووە وە ئەو ڕێبازەی کەوا ئەم میللەتە پێ ی باش بووە، ئەم ڕۆژگارە ناخۆشە بێگومان وای لەچەند کەسانێکی دڵسۆز کردووە کە هێزو وتوانایان بخەنە گڕ بۆ گۆڕانکاری وچاککردنی ئەم خراپی و ناتەباییە، بەڵام ئەم کەسانە جیاوازن لەڕێگا و چۆنێتی چاکسازی ئەم ڕۆژگارەدا بەهۆی جیاوازییان لەڕووی بنەمای عەقیدە و مەشخەڵ و ڕێبازەوە بەشێوەی فرە گروپ و حزبی ئیسلامی کە هەریەکەیان دەیان ساڵە ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا چاکسازی دەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتن و سەرفرازیان تۆمارنەکردوە بەڵکو بونەتە هۆکاری گێرەشێوێنی و ئاژاوە وە هێنانی بەڵاو پەژارەی گەورە بەهۆی ئەو بیروباوەڕو ڕێبازەی هەیانە کەپێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەرە ﷺ وە پێچەوانەی ئەوەیە کە هێناویەتی، ئەمانە شوێنەوارێکی خراپی بەجێ هێشتووە لەوەی کە موسڵمانان بەتایبەنی گەنجان لە دڵە ڕاوکێ و شڵەژاویدا بن لەچۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم ڕۆژگارە، بێگومان بانگەوازخوازی دەست گرتوو بەڕێبازی پێغەمبەرانەوە(سەلامی خوایان لەسەربێت) شوێنکەوتووی ڕێگای باوەڕداران بەشێوەی تێگەیشتنی هاوەڵان وەشوێنکەوتووانی ئەوان لەزانایانی ئیسلام هەست

دەكەن كە هەڵگری سپاردەیەكی گـەورەن بەرامبـەر چاكسـازی و بەشـداری كـردن لەچارە سەركرنی ئەم ڕۆژگارە كەوابوو:

١ـ ئامۆژگاریت چی یە بۆ شوێن كەوتووی ئەم حزب و گروپانە؟.

٢ـ ڕێگای بەسوودو سەركەوتوو چی یە بۆچارەسەركردنی ئەم سەردەمە؟ .

٣ـــ چـۆن موسـوڵمان نەفسـی خـۆی پـاك بكاتـەوە لای خـودای گـەورە لـەڕۆژی قیامەتدا؟.

**وەڵام:**

زانای پایە بەرز ((محمد ناصرالدین الألبانی)) لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی :

پێویسـتە یەكـەم جـار گرنگـی بـە یـەك خواپەرسـتی ((التوحید))بـدرێت ئـەوەیش ڕێبازی پێغەمبەران بووە (سەلامی خوایان لەسەر بێت)[١]:

جگـە لـەوەی لـە پرسـیارەكەدا هـاتووە _پـێش تۆزێـك باسـكرا_لـەخراپی بـواری ڕۆژگاری موسڵمانان،دەڵێم ئەم ڕۆژگارە بەئازارە خراپ تر نیە لەوەی كەوا عەرەب لەسـەری بـوون لـە سـەردەمی نەفامیـدا ((الجاهلیة)) لەكاتێكـدا خـودای گـەورە

---

(١) ئەم سەر بابەتانە بەشێك نیە لەوەڵامەكەی شێخ ئەلبانی بەڵكو دانراوە بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لەناوەڕۆكی بابەتەكان تێ بگات. (وەرگێڕ)

پێغەمبەری ئیسلامی بۆیان نارد، چونكی ئەمڕۆ پەرتووكێك هەیە بەبێ هیچ كەم وكورتیەك كە قورئانە وە بوونی كۆمەڵی ڕزگاربوو كەوا لەسەر حەق و ڕاستین تا ڕۆژی دوایی بەهۆكاری ئەمانەوە خەڵكی هیدایەت وەردەگرن بۆ ڕێگای ڕاست وەبانگەشەی خەڵكی دەكەن بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە چی لە ڕووی بیروباوەڕەوە بێت یان لەڕووی عیبادەت و هەڵسوكەوتوو ڕێبازەوە بێت ، بێگومان ڕۆژگاری عەرەب لەسەردەمی نەفامی دا هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی كەوا موسڵمانێكی زۆر لەسەری دەڕۆن لەم ڕۆژگارەدا ، لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێین :چارەسەر ئەو چارەسەرەیە پێغەمبەر ﷺ كردی، بەو شێوەی كەوا پێغەمبەری خودا چارەسەری ئەو نەفامیەی كرد ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیە پێویستە لەسەر بانگەوازخوازانی ئیسلام هەموویان چارەسەر و چاكسازی بكەن لەخراپ تێگەیشتنی (خەڵكی) لەمانای (لاإلهإلاالله ) وەچارەسەری ڕۆژگاری ناهەمواری خۆیان بكەن بەو شێوەی پێغەمبەر چارەسەری ڕۆژگاری خۆی كرد وە ئەم مانایە زور ڕوونە ئەگەر لەم وتەیەی خودای گەورە بكۆڵینەوە كە دەفەرمووێت: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴾ (الأحزاب: ٢١).

واتە"بەڕاستی پێغەمبەری خودا چاكترین نموونەی ڕێك وپێكی و سەرمەشقە بۆتان بەتایبەت بۆ ئەو كەسەی بەتەمای خواو ڕۆژی دواییە وەیادی خودا زۆر دەكات".

پێغەمبەرمان لە هەموو کات و شوێنێکدا باشترین پێشەوایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی موسڵمانان لەجیهانی ئێستا دا ، وە ئەمەش ئەوەمان لێ داوا دەکات کەوا دەست پێ بکەین بەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەستی پێکرد بەچاککردنی ئەو خراپەکارییەی کە هەیە لە بیروباوەڕی موسڵماناندا پاشان لە عیبادەت پاشان لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا، بەڵکو بۆ ئەوەی موسڵمانان گرنگیەکی تەواو بدەن بەو لایەنە کە عەقیدەیە مەبەستم لە موسڵمانان لەڕاستیدا بانگەوازخوازانە وە لەوانەیە ڕاستر وابێت بڵێین زانایان لەبەر ئەوەی بانگەوازخوازانی ئەمڕۆ ـ لەگەڵ خەم و پەژارەیەکی زۆردا ـ زۆرێك لەموسڵمانان دەگرێتەوە ئەگەر ئەو کەسە کەم زانستیش بێت ، وە ئەگەر باسی ئەو بنچینە زانراوە بکەین ناڵێم تەنها لای زانایان بەڵکو لای خاوەن ژیرەکانیش ئەو بنچینەیەی کە دەڵێت _((فاقد شيء لا يعطيه)) واتە ((ئەوەی نەیبێت نابەخشێت)).

ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کەوا کۆمەڵێکی گەورە بەچەندەها ملیون موسڵمانن کە کاتێك وشەی بانگەوازخواز دەوترێ خەڵکی سەیری ئەوان دەکات ، سەرنج بەوان دەدات مەبەستم بەو کۆمەڵە کۆمەڵی دەعوەیە(جماعة الدعوة)یان کۆمەڵی تەبلیغە(جماعة التبليغ)[1] لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان وەکو خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَٰكِنَّ

---

[1] گروپێکی گومڕان کە بانگەوازەکەیان دوورە لەبانگەوازی ئەهلی سوننەوە، بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی ئەم گروپە بڕوانە:

﴿أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الأعراف: ١٨٧) زۆریك لەخەڵكی نەزانن، وەزانراوە لەڕێگای بانگەوازەكەیانەوە كەوا بەتەواوەتی پشتیان كردوە لە گرنگی دان بەبنەمای یەكەم (كەعەقیدەیە) لەو بنەمایانەی وەكو لەپێشتردا باسم كرد (كەبریتیە لەبیروباوەڕو پەرستن وهەڵس وكەوت ) ، وە پشتیان كردوە لەو چاكسازییەی كە پێغەمبەری خواﷺ دەستی پێ كرد بەڵكو لەوەی كە پێغەمبەران دەستیان پێ كرد وەكو خودای گەوەە ڕوونی كردوەتەوە و دەفەرموویت :﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ﴾( النحل: ٣٦).

واتە:"بێگومان بۆ هەموو میلەتێك پێغەمبەرێكمان ناردوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ : تەنها خودا بپەرستن و لەتاغوت و یاسا پوچەڵەكان بەدووربن"

ئەوان گرنگی نادەن بەم بنچینە ڕەسەنە وە بەپایەی یەكەم لەپایەكانی ئیسلام -(تەوحید) ـ كەزانراوە لای هەموو موسڵمانان ـ، یەكەم پێغەمبەر كە نوح بوو (علیه السلام) نزیكەی (١٠٠٠)ساڵ بانگەشەی بۆ ئەم بنچینەیە دەكرد.

---

"السراج المنير في تنبيه جماعة التبليغ على أخطائهم" لِمحمد تقي الدين الهلالي الحسيني, و"القول البليغ في جماعة التبليغ" للشيخ حمود التويْجري، و"حقيقة الدعوة إلَى الله تعالى وما اختصت به جزيرةالعرب "للشيخ سعد الحصين، وكتاب : "جماعة التبليغ في شبه القارة الهندية: عقائدها, تعريفها" تأليف : أبو أسامة سيد طالب الرحمن وكتاب: "المورد العذب الزلال فيما انتقد على بعض المناهج الدعوية من العقائد والأعمال".(وەرگێڕ)

وە هەموو کەس دەزانێت کەوا ئاینەکانی پێش ئیسلام لەبواری پەرستن و مامەڵدا ئەو جۆرە ڕونکردنەوەی تێدا نیە کە لەئاینی ئێمەدا هەیە لەبەر ئەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کۆتا هێنەری هەموو شەریعەت و ئاینەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا نوح(علیه السلام)لەناو قەومەکەی مایەوە نزیکەی (١٠٠٠)ساڵ هەموو کات هەوڵ و کۆششی کردبووە گڕ بۆ بانگەشەکردنی یەکخوا پەرستی لەهەمان کاتدا قەومەکەی پشتیان لەبانگەوازەکەی دەکرد وەکو خودای گەورە ڕوونی دەکاتەوە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾﴾ (نوح: ٢٣).

واتە((بێ باوەڕان بەشوێن کەوتوانی خۆیانیان وت: دەست هەڵنەگرن لەپەرستراوەکانتان ، بەتایبەت دەست هەڵنەگرن لە پەرستنی "ود وسواع ویغوث ویعوق ونسر" ))

ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کەوا گرنگترین شت بانگەوازخوازانی ئیسلامی ڕاستەقینە بەبەردەوامی گرنگی پێ بدەن بریتی یە لە بانگەوازکردن بۆ یەك خواپەرستی ئەمەش مانای ئەو فەرموودەی خودای گەورەیە دەفەرموێت: ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ﴾ (محمد: ١٩).

واته"جا بزانه كەبێ گومان جگە لە(الله) هیچ پەرستراوێك نییە مافی پەرستنی هەبێ، وە داوای لێخۆش بوون بكە بۆ تاوانەكانت"

ئا بەم شێوەیە بوو سوننەتی پێغەمبەرﷺبەكردار و فێركردن كە بانگەوازی دەكرد بۆ یەك خواپەرستی (التوحید):

**بەكردەوە :پێویستی بەلێكۆڵینەوە نیە ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺلەكاتێكدا لەناو مەككەدا بوو كردەوەو بانگەوازی زۆر كات بریتی بوو لەبانگەوازكردنی قەومەكەی بۆ یەك خوا پەرستی بەبێ شەریك دانان .

**هەروەها فێركردنی: وەكو لەفەرموودەی ئەنەسی كوڕی مالیك دارضي الله عنههاتووە كە لە ((الصحیحین))دایە دەفەموویێت (كاتێك پێغەمبەرﷺ (معاذ)ی كوڕی (جبل)ی نارد بۆ یەمەن پێغەمبەر ﷺ پێ ی فەرموو: ((لیكن أول ماتدعوهم إلیه:شهادة أن لا إله إلا الله،فإن هم أطاعوك لذلك.....))[1].

واته"با یەكەم شتێك بانگەوازی ئەوانی بۆ بكەیت بریتی بێت لە: شایەتیدان بەوەی هیچ پەرستراوێكی نییە بەحەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە(الله) ، ئەگەر ئەوان گوێرایەلیتیان كرد....." تاكۆتایی فەرموودەكە كەزانراوەو ڕوونە بەویستی خودا .

[1] حدیث صحیح:رواه البخاري(١٣٩٠)،ومسلم(١٩) عن إبن عباس رضي الله عنه.

کەواتە پێغەمبەرﷺ فەرمانی دەکرد بەهاوەڵانی لەبانگەوازکردندا بەوە دەست پێ بکەن کە خۆی دەستی پێکرد ئەویش بانگەشەکردنە بۆ یەك خواپەرستی، بێگومان جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان عەرەبە موشریکەکانی سەردەمی نەفامی دا لەو ڕووەوە کە ئەوان تێ دەگەیشتن پێغەمبەرﷺچی فەرمانێکیان پێ دەکات، وە لەنێوان موسڵمانانی ئێستا دا کەوا پێویست ناکات بانگ بکرێن بۆ وتنی ((لا إله إلا الله)) لەبەر ئەوەی ئەم وشەیەیان وتووە و موسڵمان بوونە هەرچەندە جیاوازن لە ڕێباز و ڕێچکە و بیروباوەڕیاندا ، بەڵام لەڕاستیدا پێویستیان بەوە هەیە کە زیاتر تێ بگەن لەم وشە پیرۆزە چونکە باش لەماناکەی تێنەگەیشتوون ئەمەش جیاوازی ناوەڕۆکە لەنێوان موسڵمانانی ئەمڕۆدا لەگەڵ عەرەبەکانی سەردەمی نەفامیدا کەوا کاتێك پێغەمبەرﷺبانگیانی دەکرد بۆ ئەوەی بڵێن ((لا إله إلا الله)) بەڵام ئەوان خۆیان بەگەورە دەزانی ، ئەم ڕووداوەش ڕوون و ئاشکرایە لەقورئانی پیرۆزدا لەبەر چی خۆیان بەگەورە دەزانی؟

لەبەر ئەوەی تێ دەگەیشتن مانای ئەم وشەیە ئەوەیە : نابێ لەگەڵ خودا دا هاوشێوە دابنرێ ونابێ کەسی تر بپەرسترێ جگە لەخودا، بەڵام ئەوان جگە لەخودا کەسانی تریان دەپەرست، هاواریان بەکەسانی تر دەکرد،جگە لەخودا داوای فریاکەوتنیان لەکەسانی تر دەکرد، سەربڕینیان بۆ غەیری خودای گەورە ئەنجام دەدا لەپەرستندا ، وە بۆ دادوەری وحوکم کردن دەگەڕانەوە بۆ لای غەیری خودای گەورە ...الخ.

هەموو ئـەم کردارانـە کـە ئـەوان دەیـان کـرد هـەمووی هاوبـەش پـەیـداکردن و بـت پـەرستیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی ئەم وشە پیرۆزە(لاالەالا اللە)لەڕوانگەی زمانی عەربیەوە ماناکـەی ئـەوە دەگەیـەنێ کـەوا کاتێـك ئـەم وشـەیە(لاالەالا اللە) دەڵـێن پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لەهەموو ئەو کردارو هاوبەش پەیداکردنـەی باسمـان کرد لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ماناکەیەتی.

## زۆربەی موسڵمانانی ئەمڕۆ تێ نەگەیشتوون لەمانای ( لاالە الا اللە )[١] بەتێگەیشتنێکی ڕاست:

بـەلاَم زۆری موسـڵمانانی ئـەمڕۆ شـایەتی دەدەن بـە((لا الـە الا اللە)) بـەلاَم تـێ نەگەیشـتوون لەماناکـەی بەباشـی ، بـەڵکو بەپێچـەوانەو و هەڵگـەڕاوی لەماناکـەی تێگەیشتوون ، نموونەیەك بۆ ئەم باسە دەهێنینەوە:

هەندێکیان (لەنێو نوسەرانی موسـڵماناندا) نامیلکەیـەکی دانـاوە دەربـارەی مانـای ((لا الە الا اللە)) وە تـەفسیری کردوە بە((لا رب الا اللە))واتـە ((هـیچ پـەروەردگارێك نیە جگە لەخودای گەورە))

---

[١] مانای تەواوی ((لا الە الا اللە)) ئەوەیە کەوا:هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە.

ئەم مانایە موشریكەكانیش بڕوایان پێ هەبوو وە لەسەری بوون بەڵام ئەم بڕوا پێ بوونە هیچ سودێكی پێیان نەدەگەیان ، خودای گەورە دەفەرمووێت ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴾ (لقمان: ٢٥).

واتە"ئەگەر لەموشریكەكان بپرسی كێ پەروەردگار و دروست كەری ئاسمانەكان و زەوییە بەتەئكید دەڵێن: خودا"

هاوبەش پەیداكەران بڕوایان وابوو كەوا دروستكەری ئەم گەردونە هاوبەشی نیە لەپەروەردگارێتیدا( الربوبية )، بەڵام لەپەرستندا هاوشێوە و هاوبەشیان بۆ خودای گەورە دادەنا ، ئەوان بڕوایان وابوو: یەك پەروەردگار هەیە بەڵام پەرستراوەكان(كەشایەنی پەرستن بن) زۆرن، بەم شێوەیە خودای گەورە ئەم بیروبۆچونە بەرپەچ دەداتەوە و ناوی دەبات بەپەرستن بۆ غەیری خودا ، وەكو خۆی دەفەرمووێت: ﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ ﴾ (الزمر: ٣ ).

واتە" موشریكەكان جگە لەخودا چەند پەرستراوێكیان داناوە، دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین نزیكمان بكەنەوە لەخودا "

بێگومان هاوبەش پەیداكەران خۆیان دەیان زانی كەوا وشەی (لاالـه الا الله) ئەوە پێویست دەكات خۆت بەدوور بگریت لەپەرستن بۆ كەسانێكی تر جگە لەخودای

گەورە ، بەلاّم زوربەی موسلّمانانی ئەمڕۆ تەفسیری (لااله الا الله)دەکەن بە(لا رب إلا الله) ئەگەر موسلّمانێك وتی (لااله الا الله) وەپاشان لەگەلّ خودا کەسانی تری پەرست ، ئەوە ئەو کاتە ئەو و هاوبەش پەیداکەران یەکسان دەبن وەکو یەك وان لەبیروباوەردا ، ئەگەر بەڕوالّەتیش موسلّمان بێت چونکە بەزمانی دەلّێت (لااله الا الله) بەلاّم لەهەمان کاتدا هاوبەش بۆ خودا دادەنێت ، بەم وشەیە تەنها موسلّمانێکی ڕووالّەتیە ، بەم شێوەیە پێویستە لەسەر هەمووان بەتایبەتی بانگەوازخوازانی ئیسلام بانگەشە بۆ یەك خوا پەرستی بکەن هەولّ بدەن بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەی کە بەپێچەوانەوە لەمانای (لااله الا الله) تێگەیشتوون وە نەزانن بەمانای ڕاستی ئەم وشەیە ، هاوبەش پەیداکەران ڕازی نەبوون بەوەی بلّێن (لااله الا الله) کەوا بوو موسلّمان نەبوون لەناوەڕۆك و دەرەوەدا.

بەلاّم کۆمەلّی موسلّمانانی ئەمڕۆ موسلّمانن لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:(( فإذا قالوها عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها، وحسابهم على الله تعالى ))[١].

واتە:((ئەگەر وتیان لا إله إلا الله ئەوە خوێن و مالّیان لە سەر من پارێزراو دەبێت ئیلا بە حەقی ئیسلام نەبێت ، وە حیسابیان لای خودایە لە ڕۆژی دوایدا ))

---

[١] حديث صحيح :رواه البخاري (٢٥)، ومسلم(٢٢).

لەبەر ئەوە من وتەیەك دەڵێم _كەبەكەمی لەمنەوە دەردەچێ_ئەویش ئەوەیە زۆربەی موسڵمانانی ئێستا خراپترن لە عەرەبەكانی سەردەمی نەفامی لەڕووی خراپ تێگەیشتن لەم وشە پیرۆزە (لاالە الا اللە)، چونكە هاوبەش پەیداكەرانی سەردەمی نەفامی لەماناكەی تێدەگەیشتن بەلاّم بڕوایان پێ نەدەهێنا ، بەلاّم زۆربەی موسڵمانی ئەمڕۆ دەیڵێن وە بڕوایان پی نیە، دەڵێن (لاالە الا اللە) بەلاّم بڕوایان بەڕاستی ماناكەی نیە، بەم شێوەیە من بڕوام وایە كەوا یەكەم شتێك پێویستە_بەڕاستی_ لەسەر بانگەوازخوازانی ئیسلام ئەوەیە كەوا گرنگیەكی تەواو بدەن بەم وشەیە وە ماناكەی بەپوختی ڕوون بكەنەوە بۆ خەڵكی پاشان ئەو شتانەی پەیوستە بەم وشەیەوە بەدرێژی ڕوونی بكەنەوە وەكو ئیخلاص بۆ خودای گەورە لەپەرستندا بەهەموو جۆرەكانیەوە، لەبەر ئەوەی خودای گەورە كاتێك باسی هاوبەش پەیداكەران دەكات كەوتوویانە: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ﴾ (الزمر: ٣) لەم ئایەتەدا خودای گەورە پەرستنی بۆ كەسانێك جگە لەخۆی داناوە بەكافر بوون بە وشەی پیرۆزی (لاالە الا اللە)، بۆیە دەڵیم:ئەمڕۆ هیچ سودێك نیە لەكۆبوونەوە و بەحزب كردنی موسڵمانان، پاشان وازیان لێ بهێنیت لە گومڕایدا بەبێ فێركردنی مانای ئەم وشە پیرۆزە، وە ئەوەش هیچ سودێكیان پێ ناگەیەنێت لە دونیا پێش قیامەت !.

هەمووومان دەزانین کە پێغەمبەری خوداﷺ فەرموویەتی ((من مات وهو يشهد أن لا إله الا الله مخلصاً من قلبه حرَّمَ الله بدنه على النار)) لەروایەتێکدا ((دخل الجنة))[1].

واتە((هەرکەسێك بمرێت وە شایەتی بدات بە(لاالـه الا الله)بـەئیخلاص لەدڵیـەوە ، خـودای گـەورە ئـاگر لەسـەر لاشـەی قەدەغـە دەکـات ))وە لەریوایـەتێکی تـردا ((دەیخاتە بەهەشتەوە )).

دەتـوانی دڵنیـای چـوونە بەهەشـت بکـەیت بـۆ ئـەو کەسـەی کـە بەدڵسـۆزی (الاخلاص)ئەم وشەیە دەڵێت، هەرچەندە ئەو کەسە لەسـەرەتاوە ناخۆشـی تـوش بێت لەچونە نـاو دۆزەخـەوە بـەهۆی تاوانەکانیـەوە، ئـەوەی بیروبـاوەڕی ڕاسـت و دروستی هەبێت بەرامبەر ئەم وشەیە ، ئەگەر چی سزا بدرێت لەسەر کردنی تاوان، بـەڵام سـەرئەنجامەکەی لەکۆتایـدا هەرچـوونە بەهەشـت دەبێـت، بەپێچـەوانەوە هەرکەسـێك ئـەم وشـە پـیرۆزە بڵـێ بـەزمان ، بـەڵام ئیمـان و بـاوەڕ نەچـێتە نـاو دڵییەوە ، ئەوا هیچ سودێکی پێناگەیەنێ لەڕۆژی دوایدا.

لەوانەیە سوودی پـێ بگەیـەنێ لـەدونیادا بـەوەی ڕزگـاری بێـت لەشـەڕو کوشـتار ئەگەر موسڵمانان هێز و دەسەڵاتیان هەبێ ، بەڵام لەرۆژی دوایدا هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێ جگە لەو کەسە نەبی کـەوا کاتێـك دەیڵێـت لەماناکـەی تێـدەگات پاشـان

---

[1] حديث صحيح:رواه أحمد(٥/٢٣٦)،وابن حبان(٤)زوائد، وصححه الألباني في السلسلةالصحيحة(٣٣٥٥).

بڕوای بەماناکەی هەیە ، هەروەها تێگەیشتن بەبێ ئیمان هێنان هیچ سودی نیە بەڵکو پێویستە لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەدا بڕوات بەو مانایە هەبێت، ئەم خاڵەش وادەبینم کەزۆری خەڵکی لێ ی بێ ئاگایە !.

ئەویش ئەوەیە کەوا:–هەر تێگەیشتن خۆی مانای باوەڕ نابەخشێت بەڵکو پێویستە ئەم دوو کردارە (تێگەیشتن و باوەڕ پێ بوون) پێکەوە بێت لەگەڵ یەکتریدا هەتاوەکو کەسەکە ببێت بەئیماندار ، لەبەرئەوەی زۆریك لەخاوەن کتێبەکان لە(گاوروجولەکە) دەیانزانی پێغەمبەر(ﷺ)نێرراوێکی ڕاستگۆیە لەنێرراو پێغەمبەرایەتیدا ، لەگەڵ ئەم زانینەدا کەوا خودای گەورە شایەتیان لەسەر دەدا و دەفەرموویێت: ﴿ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡ ﴾(البقرة: ١٤٦).

بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زانینە هیچ سودێکی پێیان نەدەگەیاند لەلای خودا! لەبەر ئەوەی ئەوان پەیامەکەی پێغەمبەریان بەڕاست نەدەخستەوە ، کەوا بوو هەر زانین بەتەنها بەس نیە بەڵکو پێوستە لەگەڵیدا ئیمان بهێنی پاشان ملکەچ بیت بۆ خودا ، چونکی خودای گەورە لەقورئاندا دەفەرموویێت:﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ ﴾ (محمد: ١٩).

واتە ((بزانە کەهیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شیاوی پەرستن بێت جگە لەخودای گەورە پاشان داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانت)).

بۆیە ئەگەر موسڵمانێك وتی (لا إله إلا الله) بەزمان پێویستە لەگەڵ ئەمەشدا مانای ئەم وشەیە بزانێ بەكورتی پاشان بەدرێژی ، كاتێك لەماناكەی تێگەیشت و بەڕاستی زانی و باوەڕی پێ هێنا، ئەوە ئەو فەرموودانەی بەسەردا دەچەسپێت كەوا لەپێشوودا هەندێكیمان باس كرد ، لەوانە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێ((من قال لا إله إلا الله نفعته يوماً من دهره))[1] .

واتە(واتە هەركەسێك بڵێت لا إله إلا الله هەر ڕۆژێك بێت سودی لێ دەبینێت ).

واتە ئەم وشە پیرۆزە دوای زانینی ماناكەی_لەگەڵ باوەڕ هێنان پێ ی_خاوەنەكەی لەئاگر ڕزگار دەكات _ئەمەش زۆر دووبارە دەكەمەوە بۆ ئەوەی لەبیروهۆشدا بچەسپێ_ لەوانەشە ئەو كەسە هەڵنەسابێ بەكردنی كردەوەی چاكەو دوركەوتنەوە لەخراپە بەڵام خۆی بەدوور گرتوە لەهاوبەش پەیداكردنی گەورە بۆ خودا ، ئەم كەسە هەڵساوە بە ئەنجامدانی مەرجەكانی باوەڕ كە پەیوەستە بەكردەوەكانی دڵەوە وە بەكردەوەكانی لاشەوە بەپێ ی ئیجتیهادی هەندێك لەزانایان ئەمەش ڕوونكردنەوەی زیاتری دەوێت بەڵام ئێرە جێگەی ئەو جۆرە ڕوونكردنەوەیە نیە.

---

[1] حديث صحيح:صححه العلامة المحدث الألباني في السلسلة الصحيحة (١٩٣٢).

ئەم کەسە لەژێر مەشیئەتی خودای گەورە دایە ، لەوانەیە بچێتە ناو ئاگرەوە لەسەرەتاوە بەهۆی ئەنجام دانی تاوانەوە یان بەهۆی کەم تەرخەمی لەجێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خودای گەورە دا ، پاشان ڕزگاری دەبێت بەهۆی ئەم وشە پیرۆزەوە وە خودای گەورە لێ ی دەبورێت بەفەزڵ و کەرەمی خۆی ، ئەمە مانای ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێ ((من قال لا إله إلا الله نفعته يوماً من دهره))[1] .

بەلاّم کەسێك بەزمان بیلێت و ماناکەی تێ نەگات ، یان ماناکەی تێ بگات و بەلاّم بڕوای پێ نەبێت ئەوە وتنی (لا إله إلا الله) هیچ سودێکی نیە بۆ قیامەتی ، بەلاّم لەوانەیە لەدونیادا پارێزراو بێت ئەگەر لەسایەی حوکمی ئیسلامدا بژێت.

بۆیە پێویستە جەخت بکرێتە سەر بانگەواز بۆ یەك خوا پەرستی لەهەموو کۆمەڵگایەکدا یان لەهەموو گروپێکی ئیسلامیدا کە هەوڵ دەدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی یان بۆ بونیاتنانی وڵاتێکی ئیسلامی کە حوکم بەقورئانی پیرۆز بکات لەسەر زەوی دا لەکاتێکدا لەو جێگەیەدا حوکم بەقورئان ناکرێت ، ئەم گروپانە یان ئەم کۆمەڵانە ناتوانن ئەم مەبەستە بەڕاستی بەدەست بهێنن (کە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی پێویستە هەوڵی بۆ بدرێ تا بەشێوەیەکی واقعی حوکمی

---

[1] حديث صحيح:صححه العلامة المحدث الألباني في السلسلة الصحيحة (١٩٣٢).

ئیسلامی دروست دەبێت) ئیلا کاتێك نەبێت بەوە دەست پێ بکەن کە پێغەمبەرﷺ دەستی پێ کردوە(واتە بانگەوازکردن بۆ یەك خوا پەرستی).

## پێویستی گرنگی دان بەلایەنی بیروباوەڕ مانای ئەوە نیە کەوا لایەنەکانی تری شەریعەت پشت گوێ بخرێ لەوانە(( عیبادەت، هەڵسووکەوت، معاملات، ئاکارەکان )).

دووبارە ئاگادارتان دەکەمەوە مەبەستم لەو قسەیە کەوا دەڵێم گرنگترین پاشان گرنگتر پاشان دوای ئەوە((الأهم فالمهم ومادونه )) ئەوەنیە کە بانگەوازخوازان بەس گرنگی بدەن بەبانگەوازکردن بۆ ئەم وشە پیرۆزە و تێگەیشتن لەماناکەی دوای ئەوەی خودای گەورە نیعمەتی خۆی تەواو کرد بەکەمالیەتی ئاینەکەی ، بەڵکو پێویستە لەسەر بانگەوازخوازان هەڵگری ئیسلام بن بەتەواوەتی نەوەکو بەشێکی هەڵگرن و واز لەوانی تر بهێنن ، من کاتێك ئەمە دەڵێم _دوای ئەو روونکردنەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کەوا بانگەوازخوازانی ئیسلام گرنگی تەواو بدەن بەگرنگترین شت کە ئیسلام هێناویەتی ، ئەویش ئەوەیە موسڵمانان فێری بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە بکەن کە هەڵقولاوی مانای پیرۆزی ((لا إله إلا الله)) بێت .

ئەمەوێ تیروانینی وردمان هەبێ بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە ، هەر ئەوە نەبێت موسڵمانان تێبگەیەنین کە مانای (( إله إلا الله)) ئەوەیە هیچ پەرستراوێك بەڕاست نیە جگە لەخودا! بەڵکو پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کەوا ئەم مانایە ئەوە لەخۆ دەگرێت

عیبادەتەكان هەمووی بۆ خودا ئەنجام بدرێت، جگە لە خودا هیچ جۆرە پەرستنێك بۆ هیچ كەسێك لەبەندەكانی خودا نەكرێت ، ئەم ڕوونكردنەوەیە پێویستە باس بكرێت لەگەڵ ئەم مانا كورتەی((لا إله إلا الله)) دا ، وە باشتر وایە نموونەیەك بهێنینەوە یان زیاتر لەنموونەیەك :

ئەڵێم زۆرێك لەموسڵمانی یەك خوا پەرستی ڕاستەقینە ، ئەوانەی كەوا هیچ جۆرێك لەجورەكانی پەرستن بۆ كەس جگە لەخودا ئەنجام نادەن ، زۆرێك لەم كەسانە دەرونیان بەتاڵە لەهەندێ فیكرو بیروباوەری ڕاستەقینە كە باس كراوە لەقورئان و سوننەت دا ، زۆرێك لەوكەسانە دەڕۆن بەسەر بەشێك لەئایەت و فەرموودەكان كە باس لەبیروباوەڕ دەكات بەلاّم بەوردی ئاگادار نین لەناوەڕۆكی ئەم بابەتانە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتانە لەتەواوی ئیمان بوونە بەخودای گەورەیە .

بۆ نموونە ئیمان بوون بەوەی كەخودای گەورە بەرزو بڵندە بەسەر دروست كراوەكانیدا ، من وا دەزانم (بەتەجروبە)كەزۆرێك لە برا سەلەفیەكان بڕوایان وایە خودا بەسەر عەرشدا بەرزبووەتەوە(استوى) بەبێ هیچ تەئویل و لێكوڵینەوەیەك لەچۆنیەتیێكەی ، بەلاّم كاتێك موعتەزیلەیەك یان جهمیەكی سەردەمی ڕووبەڕوی دەبێتەوە ، یان ماترودیەك یان ئەشعەریەك بەرەنگاری دەبێتەوە و شوبهەی بۆ دێنێتەوە ئەو شوبهانە بونیات نراوە لەسەر ڕواڵەتی ئایەتەكە كە لەماناكەی تێنەگەیشتووە (نەخۆی نە ئەوكەسەی شوبهەكەی بۆ دێنێ) ، بۆیە بیروباوەڕە پاكەكەی لێ دەشێوێنێ و گومڕای دەكات ، لەبەر چی؟ چونكی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی وەرنەگرتووە لەهەموو لایەنەكانیەوە كە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرﷺ باسیان لێ وەدەكات .

کاتێك موعتەزیلەیەکی ئەم سەردەمە دەڵێ: خودای گەورە دەفەرموویێت:﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ....... ﴾ (الملك:١٦).

وەئیوەی ئەهلی سوننە دەڵێن خودا لە ئاسمانە ، کەواتا ئێوە شوێنتان بۆ خودا داناوە ئەویش بریتیە لەئاسمانی دروست کراو ، بەم شێوەیە (موعتەزیلەکە) شوبهە دەڕێژێ بۆ ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکات .

## روون نەبونی بیروباوەڕی ڕاستەقینە لە دەروونی زۆرێك لەخەڵکیدا :

ئەمەوێ بەم نموونەیە ئەوە ڕوون بکەمەوە کەوا بیروباوەڕی یەك خوا پەرستی بەهەموو پێویستی و داواکاریەکانیەوە ڕوون نیە لەدەرونی زۆرێك لەوانەی باوەڕیان هێناوە بەعەقیدەی سەلەف ، چی جای ئەوانەی تر کە شوێنی بیروباوەڕی ئەشعەری یان ماتوریدی یان جەهمی کەوتوون.

من لەم نموونەیەدا مەبەستم ئەوە بوو کەوا ئەم باسە هەر وا ئاسان نیە وەکو هەندێك لەبانگەوازخوازانی ئەمڕۆ تەصەوری دەکەن کەئەوان لەگەڵ ئیمەن بۆ بانگەوازکردن بۆ قورئان وسوننەت ، کارکە هەروەها ئاسان نیە بەو شێوەی هەندێکیان باسی دەکەن هۆکارەکەشی ئەوە بوو لەپێشووتردا باسمان کرد بەهۆی جیاوازی نێوان موشریکەکانی سەردەمی نەفامی( کەوا بانگ دەکران بۆ وتنی ((لا

إله إلا الله)) خۆیان بەگەورە دەزانی چونكی تێ دەگەیشتن) وە لەنێوان زۆربەی موسڵمانانی سەردەمی ئەمڕۆ دا ئەوانەی ئەم وشەیە دەڵێن بەلاّم لەماناكەی تێ ناگەن ، ئەمەش جیاوازی بنەڕەتیە كە ئێستا ڕووی داوە لەم جۆرە بیروباوەڕەدا.

وەمەبەستم لەم جۆرەش بەرزی خودای گەورەیە بەسەر هەموو دروست كراوەكانیەوە، ئەمەش پێویستی بەڕوون كردنەوە هەیە، ئەوەندە بەس نیە كە موسڵمان بڕوای وابێ ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾( طه: ٥ ).

واتە"خودای گەورە بەسەر عەرشدا بەرز و بڵند بوەتەوە"

یان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ((أرحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء))[(١)].

واتە"رەحم بكەن بەوەی لەسەر زەویدایە رەحمتان پێ دەكات ئەو خودایەی لە ئاسمانە".

بەبێ ئەوەی بزانی وشەی (في) كەلەم فەرموودەیەدا هاتووە بەمانای "ظرفية"شوێن نیە، بەڵكو وەكو ئەوە وایە كەلەم ئایەتەدا هاتووە وەكو خودای گەورە دەفەرمێت:

---

(١) حديث صحيح:صححه الألباني في الصحيحة(٩٢٥).

﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ........﴾ (الملك:١٦ ) لەبەر ئەوەی (في)لێرەدا بەمانای (علی = لەسەر)دێت ، بەڵگەش لەسەر ئەمە زۆرە، لەوانە:فەرموودەی پێشوو کە زۆر باسی دەکرێت لەسەر زاری خەڵکی ، ئەم فەرموودەیەش بەکۆکردنەوەی هەموو ڕێگاکان_سوپاس بۆ خودا_ فەرمودەیەکی تەواوە"صحیح"ە، وەمانای ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺدەفەرمێ((أرحموا من في الأرض)) بەمانای مێروەکان و کرمەکان نایەت کەلەناخی زەویدا هەن ، بەڵکو بەمانای ئەوە دێت لەسەر زەویدا هەن لەوانە مرۆڤ وئاژەڵە، ئەمەش هاوشێوەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرەﷺ کە فەرمویەتی((یرحمکم من في السماء)) لەسەر ئاسمان، ئەم جۆرە روونکردنەوەیە پێویستە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی وەڵامی بانگی ڕاستیان داوەتەوە کەچاورۆشن بن بەرامبەری ، هاوشێوەی ئەمەش :ئەو گەنیزەی شوانی مەڕ بوو ، ئەم فەرموودەیە زۆر بڵاوو ئاشکرایە ، ئەوەی مەبەستمانە باسی بکەین ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر ﷺپرسیاری لێ کرد کەوا (أین الله؟) واتە(خوا لەکوێیە ؟) وتی لەئاسمانە(في السماء)، ئەگەر ئەمڕۆ پرسیار بکەی لە شێخە گەورەکانی زانکوی ئەزهەر "جامعة الأزهر" _بۆ نموونە_ خوا لەکوێیە ؟ دەڵێن لەهەموو شوێنێکە ، کەچی ئەو کەنیزەکەی پێغەمبەرﷺ پرسیاری لێ کرد فەرمووی لەئاسمانە ، وە پێغەمبەرﷺ دانی پێدانا، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی

لەسەر فیترەت بوو ، لەو ژینگەیەدا دەژیا کەدەتوانین بەزمانی هاوچەرخ پێی بلێین ژینگەیەکی سەلەفی"بيئة سلفية" کەوا پیس نەبوو بوو بەهیچ خراپەیەك لەبەر ئەوەی وەکو دەلێن دەرچوی قوتابخانەی پێغەمبەرﷺبوو ، ئەم قوتابخانەیە تایبەت نیە بەهەندێك پیاو یان هەندێك ئافرەتەوە بەڵکو بەتەواوەتی کۆمەڵی موسڵمانان لەخۆدەگرێ ، هەربۆیە شوانی مەڕومالأت بیروباوەڕەکەی خۆی بەجوانی دەزانێ ، چونکە ئەو بیروباوەڕە پیس نەبوو بوو بەژینگەیەکی خراپ.

ئەو کەنیزەکە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی خۆی دەزانی کە لەقورئان وسوننەتەوە وەرگیراوە ، بەلأم زۆرێك لەوانەی بانگەشەی زانستی قورئان و سوننەت دەکەن ئەو بیروباوەڕە نازانن ، وەنازانن پەروەردگاریان لەکوێیە ! ! !، لەگەلێ ئەوەشدا لەقورئان وسوننەت دا باس کراوە.

بۆیە دەڵێم ئەمڕۆ ئەم ڕوونیە لەنێوان موسڵماناندا نابینرێ بەشێوەیەك کەوا پرسیار بکەی _نالێم لەشوانی مەڕێك_ بەڵکو لەشوانی ئوممەتێك یان سەرۆکی گروپێك"گروپێکی ئیسلامی" والآمی بۆ نادرێتەوە(بلێت خودا لەئاسمانە)، سەری لێ دەشێوێ وەکو چۆن زۆرێك لەم ڕۆژگارەدا سەریان لێ شێواوە جگە لەوانەی کەخودا ڕەحمی پێیان کردوە ئەوانەش زۆر کەمن ! ! !.

## بانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە پێویستی بەهەوڵ وکۆششێکی گەورەو بەردەوام هەیە :

کەواتا بەنگەوازکردن بۆ یەك خوا پەرستی وجێگیرکردنی لەدڵی خەڵکی دا ئەوە پێویست دەکات ئەو ئایەتانەی باس لەیەك خواپەرستی دەکات بەدرێژی بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە نەوەکو بەکورتی وەکو لەسەردەمی هاوەڵاندا دەکرا لەبەرئەوەی ئەوان

یەکەم:بەئاسانی لەڕستە غەریبەکان تیٚ دەگەیشتن.

دووەم:لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە هیچ لادن وخزانێك نەبوو لەفەلسەفەو زانستی کەلامەوە هەڵقولأبێت و پێچەوانەی بیروباوەڕی ڕاستەقینە بێت.

باروگوزەرانی ئەمڕۆی ئێمە جیاوازە لەوەی سەلەف لەسەری بوون ، نابێت وابیربکەینەوە کەوا ئەمڕۆ بانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە شتێکی ئاسان بێت وەکو سەردەمی سەلەف ، ئەمەش نزیك دەکەینەوە بەنموونەیەك

بەشێوەکی ئاسان زانراوە :-ئەو کاتە هاوەڵاَن ڕاستەوخۆ گوێیان لەفەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ دەبوو پاشان شوێنکەوتوان ڕاستەوخو گوێیان لەهاوەڵاَن دەبوو....

بەم شێوەیە لەكوتای ئەم سێ چەرخەدا دەوەستین (كەپێغەمبەرﷺبەچاكە باسی كردوون) ، پرسیار دەكەین:ئایا لەو سەردەمەدا شتێك هەبوو پێ ی بوترێ زانستی فەرموودە "علم الحديث"؟ وەلأم:نەخێر

ئایا لەو سەردەمەدا شتێك هەبوو پێ ی بوترێ زانستی"الجرح والتعديل" وەلأم :نەخێر ، بەلأم ئێستا ئەم دوو زانستە پێوستە زانستخواز بیزانێت ، كەوا هەردووكیان فەرزی كیفایەن"فرض الكفاية"، ئەوەش پێویستە تاوەكو زانایان لێ هاتوو بن لەناسینی فەرموودەكان ئەگەر فەرموودەكە ڕاست بێت یان لاواز ، بۆیە كارەكە هەروا ئاسان وسادە نیە وەكو چۆن ئاسان و ساكار بووە بۆ هاوەلأن ، چونكە هاوەلأن فەرموودەكانیان لەهاوەلأنی ترەوە وەردەگرت كە خودای گەورە شایەتی پاكی و چاكی بۆ هەمویان داوە .

ئەوەی ئەو سەردەمە ئاسان بوو ئەمڕۆ ئاسان نیە لەڕووی پاكی زانست و متمانەوپشت بەستن بەسەرچاوەی وەرگرتن.

بۆیە پێویستە تێبینی ئەم كردارە بكرێ و وەكو پێویست گرنگی پێ بدرێ ، بەو شێوەی گونجاو بێت لەگەلێ ناهەمواریەكانی ڕۆژگاردا ، لەكاتێكدا ئەو جۆرە ناهەمواریە توشی موسلّمانانی چەرخی یەكەم نەبوو بوو لەڕوانگەی تێكچونی بیروباوەڕ و هێنانی شوبهە لەلایەن بیدعەچیەكانەوە كەلایان داوە لەبیروباوەڕی

ڕاستەقینە و ڕێبازی حەق ، ئەمانەش لەژێر ناونیشانی جۆراو جۆردا : هەیانە تەنها بەناو بانگەشە بۆ قورئان وسوننە دەكات"دوور لەتێگەیشتنی سەلەف" ئەم كۆمەڵەش بەخۆیان دەڵێن: ئەهلی كەلام (أهل الكلام) .

باشتر وایە لەم بارەیەوە لێرەدا چەند نموونەیەك باس بكەین كەلەفەرموودە ڕاستەكاندا هاتووە لەوانە پێغەمبەرﷺ باسی كۆمەڵی نامۆی كرد"الغرباء" لەهەندێك لەفەرموودەكاندا ، فەرمووی: (للواحد منهم خمسون من الأجر، قالوا :منا يارسول الله أو منهم ؟ قال بل منكم)[1].

واتە"یەكێك لەوان ئەجرو پاداشتی پەنجا كەسی هەیە" فەرموویان: لەئێمە یان لەئەوان؟ فەرمووی لەئێوە"

ئەمەش بەرئەنجامی غەریبی ئیسلامی ئەمڕۆیە كە لەسەردەمی هاوەڵاندا ئەم جۆرە غەریبیە نەبووە.

وەگومانی تێدا نیە غەریبی و نامۆی ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەرداﷺ لەنێوان شیركی ڕوون و یەك خوا پەرستی پاك وبێگەردا بوو ، وە لەنێوان كوفر و ئیماندا بووە.

---

[1] حديث صحيح :صححه الإمام المحدث الألباني في السلسلة الصحيحة (٤٩٤).

بەلأم ئەمڕۆ گیروگرفت ونەهامەتی لەنێوان موسڵمانان خۆیاندایە بەشێوەیەك زۆریان بیروباوەڕەكەی پرە لەناتەواوی وەهەروەها پەرستنەكان بو غەیری خودا ئەنجام دەدەن لەگەل ئەوەشدا بانگەشەی ئیمانی ڕاستەقینە دەكەن!!.

بۆیە پێویستە یەكەم جار لەم كێشەیە ئاگادار بین ، پاشان ئەم گیروگرفتە ئەوە ناگەیەنێت هەندێ كەس بڵێن : ئێمە پێویستە بڕۆینە قۆناغ و پلەیەكی ترەوە لەغەیری قۆناغی بانگەوازكردن بۆ یەك خوا پەرستی ئەویش بریتیە لە قۆناغی كرداری سیاسی(العمل السياسي) !!.

لەبەر ئەوەی ئیسلام بانگەوازەكەی بانگەوازێكی ڕاستە، بۆ ئیمە نیە بڵێن ئێمە عەرەبین وە قورئان بەزمانی ئێمە دابەزیوە!!، ئەوەش بزانین عەرەبی ئەمڕۆ پێچەوانەی عەجەم و كەسانی ناعەرەبن كە ئێستا بەئاخاوتنی عەرەب دەدوێن ، عەرەبەكان بەدوورییان لەزمانەكەی خۆیانەوە بوەتە هۆكاری دووركەوتنەوەیان لەپەرتوكەكەی خودای گەورە وسوننەتی پێغەمبەرەكەیان ، ئەگەر بڵێن _ئێمەی عەرەب_لە ئیسلام تێگەیشتووین بەتێگەیشتنێكی ڕاست ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەوا ئێمە پێویستە خەریكی كرداری سیاسی بین ، وەخەڵكی بجوڵێنین بەجوڵانێكی سیاسی ، وە سەرقاڵیان بكەین بەسیاسەتەوە پاشان بێ ئاگابن لەوەی لەسەریانە فێری بن ئەویش تێ گەیشتنە لەئیسلام: چی لەبواری بیروباوەڕ ، عیبادەت یان مامەڵەوەهەڵسوكەوتدا بیت.

من وا نابینم ئەمڕۆ کۆمەڵگایەك هەبێت بەچەندان ملیۆن خەڵك بن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست تێ گەیشتبێتن لەئیسلام و پاشان پەروەردە کرابێتن لەسەر ئەو ئیسلامە ڕاستە، مەبەستم ((بیروباوەڕ و عیبادەت وهەڵسوکەوتە)).

## بنەمای گۆڕانکاری بریتی یە لە:

## ڕێبازی پاکسازی و پەروەردەکردن

(أساس التغيُّر هو مَنهجُ التَصفية و التَربية)

لەبەر ئەوە ئێمە هەموو کات جەخت لەسەر دووخاڵی بنەڕەتی دەکەینەوە کە بنەمای گۆڕانکاریەکی ڕاست و دروستە ، ئەو دووخاڵەش بریتین لە:( التَصفية و التَربية) واتە((پاککردنەوەی بیروباوەڕی خەڵکی پاشان پەروەردەکردنیان لەسەر ئیسلامی ڕاستەقینە)) وە ئەم دوو کارەش پێویستە پێکەوەبن.

ئەگەر لەوڵاتێکدا جۆرێك لەپاکسازی هەبێت ئەوە پێویستە لەبیروباوەڕدا بێت ، ئەمەش_خۆی بۆ خۆی_کردارێکی گەورەیە ئەگەر لەکۆمەڵگایەکی ئیسلامی گەورەدا ڕوویدات ، مەبەستم : وڵاتێکە لەوڵاتە ئیسلامیەکان .

بەلاّم پەرستن و پەروەردەکردن پێویستی بەوە هەیە کەخەڵکی ڕزگار بکەیت لەمەزهەبایەتی وەپێویستە کاربکرێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکی بۆ قورئان و سوننەتی ڕاستەقینە ، بۆیە لەوانەیە لێرەدا چەندها زانای بەڕێز هەبێ لەئیسلام تێگەیشتبن بەشێوەیەکی ڕاست لەهەموو ڕوانگەکانیەوە ، بەلاّم وانازانم کەسێك یان دووان یان سیان ، یان دەیان، یان بیستان توانیبێتیان هەستن بەپاکسازی ئیسلام لەوەی تێکەڵی بووە جاچی لەبواری بیروباوەڕدا ، پەرستن ، یان هەڵسوکەوت دا بێت.

چەند کەسانێکی کەم توانیویانە هەستن بەم کردارە بەوەی پاکسازی بکەن لەو شتانەی خراوەتە ناو ئیسلامەوە((ئیسلامیش لیَ ی بەرییە)) پاشان خەڵکی دەوروبەریان پەروەردە بکەن بەپەروەردەیەکی ڕاستەقینە و سەلامەت.

بەم شێوەیە دەبینین چاکسازی و پاکسازی لەم ڕۆژگارەدا ونبوە.

بۆیە لەهەر کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا کەحوکم بەشەرع نەکات هەر جموجوڵێکی سیاسی بکرێت پێش هێنانەدی ئەم دوو خاڵە شوێنەوارێکی خراپ بەجیَ دەهێڵێت.

هەروەها لەو ولآتانەی حوکم بەشەرعی خودا دەکرێت ئامۆژگاری شوێنی جموجوڵی سیاسی دەگرێتەوە ، ئەویش لەڕێگای دەربڕینەوە بەشێوەیەکی جوان بەپیَ ی بنەما شەرعیەکان دوور لەزمانی ناچارکردن (لغةالإلزام).

هەروەها یەکێکی تر لە شێوازەکانی ئامۆژگاری بریتیە لەوەی خەڵکی سەرقاڵ کەی بەو شتەی سودیان پێ دەگەیەنێت بەچاکسازی لەبیروباوەڕ ، پەرستن ،هەلسوکەوت ، یان لە کڕین و فرۆشتنندا بێت.

هەندێك وا گومان دەبات ئێمە دەمانەوێت(بەتەواوەتی) چاکسازی وپاکسازی بێتەدی لەهەموو کۆمەڵگای موسڵمانانندا! نەخێر ئەمە نەبیری لێ دەکەینەوە وەنەخەونی پێوە دەبینین لەبەر ئەوەی هێنانەدی ئەم دوو خاڵە (لەهەموو کۆمەڵگایەکدا) شتێکی زۆر دورە ، بۆیە خودای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت:

﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴾ (هود: ١١٨).

واتە((خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك کۆمەڵ بەڵام بەردەوام ئەو خەڵکە لەئاین و بەرنامەو بۆچوندا جیاوازن لەنێوان یەکتریدا ))

ئەم گوتەیەی خودای گەورە نایەتەدی تاوەکو بەتەواوەتی لەئیسلام تێ نەگەن بەشێوەیەکی ڕاست و پاشان پەروەردەکردنی خۆیان و خەڵکی دەوروبەریان بکەن لەسەر ئەم ئیسلامە ڕاستە.

## کێ سەرقاڵی کرداری سیاسی بێت؟ وە کەی؟

(من يشتغل بالعمل السياسي ؟ ومتى ؟)

سەرقاڵ بوون بەسیاسەتەوە (لەم رۆژگارەدا) خۆخەریك کردنە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمە نکوڵی کاری سیاسی ناکەین بەڵام ئێمە بڕوامان بەڕیزبەندی شەرعی ومەنتقی هەیە لەیەك کاتدا ((التسلسل الشرعي المنطقي)) ، ئێمە دەست پێ دەکەین بەبانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕ لەدوای ئەو بۆ عیبادەت پاشان بۆ هەڵسوکەوت و ڕەوشت بەشێوەیەکی ڕاست و پەروەردەیی ، بێگومان لەدوای ئەوە ڕۆژێك دێت بچینە نێو قۆناغی سیاسەتەوە بەمانایەکی شەرعیانە لەبەر ئەوەی سیاسەت لەڕاستیدا بەمانای بەڕێوەبردنی کاروباری میللەت دێت ، کێ کاروباری میللەت بەڕیوەدەبات؟ نە(زەید)ە و نە(عەمر)ە و نە(بەکر)ە لەوانەی سەرکردەی حزبێکن یان ڕابەری گروپێکن یان پێشەوای کۆمەڵێکن بەڵکو ئەم کارە(سیاسەت =بەڕێوبردنی وڵات) تایبەتە بەسەرکردەی وڵاتەوە(نەك سەرکردەی ریکخراو وگروپ) ئەو کەسەش بەیعەتی پێدرا بێت لەلایەن خەڵکەوە ، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات سەرکردە ئاگاداری سیاسەتی ڕۆژگار بێت.

ئەگەر موسڵمانان یەك کۆمەڵ نەبوون –وەکو ئەمڕۆ– ئەوە هەر سەرکردەیەکی وڵات فەرمانڕەوای دەکات لەسنوری دەسەڵاتیدا ، بەڵام ئێمە خۆمان خەریك بکەین بەکردارێکەوە ئەگەر وادابنێین بەتەواوەتی شارەزاین لەو

کردارەدا"کەسیاسەتە"، ئەوە ئەو شارەزاییە هیچ سودێکمان پێ ناگەیەنێت لەبەر ئەوەی ناتوانین ئەم کردارە بەڕێوەببەین چونکە ئێمە (ئەمڕۆ) توانای بڕیاردانمان نییە لەبەڕێوەبردنی ولآتدا ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی (سەرقاڵ بوون بەسیاسەتەوە) بێ سودە ، شایانی باسە ئەگەر نمونەیەك بهێنینەوە: ئەو شەڕانەی دەکرێ دژی موسڵمانان لەولآتانی جیهاندا ئایا هەڵگیرساندنی حەماسەتی موسڵمانان دژی ئەم کردارانە هیچ سودێکی هەیە؟ لەکاتێکدا ئێمە توانای جیهاد کردنمان نیە کەسەرکردەیەك بەڕێوەی ببات بەیعەتی پێدرابێ.

هیچ سودی نیە(ئێستا) ئەم جۆرە کردارانە وەنالێم واجب نیە ، بەڵکو دەڵێین کردارێکە پێش کاتی هاتنی دەستی پێ کراوە لەبەر ئەوە پێویستە خۆمان و کەسانی تر کەبانگەشەیان دەکەین بۆ ڕێگای ڕاست سەرقاڵ بکەین بەتێگەیشتن لەئیسلامی ڕاستەقینە ، وە پەروەردەیان بکەین بەپەروەردەیەکی ڕاست ، بەلآم خەریك کردنیان بەکاری حەماسی و عاتفیەوە دووریان دەخاتەوە لەوەی بتوانن لەبانگەوازی ئیسلام تێ بگەن لەکاتێکدا پێویستە هەموو کەسێکی باڵغی موسڵمان پێ ی هەلسێت ، لەوانە ڕاست کردنەوەی هەڵە لەبیروباوەڕدا وە هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵە لەپەرستن و هەڵسوکەوتدا ئەمانە هەمووی فەرزی عەینە کەهیچ کەسێك پاسا و بیانوی نیە ئەگەر کەمتەرخەم بێت ، بەلآم کردارەکانی تر هەندێکیان فەرزی کیفائیە"فرض الکفایة" وەکو ئەو کردارەی پێ ی دەوترێ"فقه الواقع".

وەخۆ خەریك كردن بە"كرداری سیاسی" یەوە لەڕاستیدا بۆ ئەو كەسانەیە كەخاوەن دەسەلاتن ، ئەوانەی خاوەن چارەسەرو بڕیارن (الحل والعقد) ئەو كەسانە سوودمەند دەبن بەگرنگی دان بەسیاسەت.

بەلام ئەو سیاسەتەی چەند كەسانێك خۆیان پێوە خەریك كردوە بێ ئەوەی خاوەن بڕیاردان و چارەسەركردن بن وەخەڵكیان سەرقاڵ كردوە بەكارێكی گرنگ لەچاو كارێكی گرنگتر ، بەم كارەش خەڵكیان دوورخستوەتەوە لەناسین و زانینی تەواو بۆ ئیسلام ، ئەمەش بەڕوونی و ئاشكرا هەستی پێ دەكرێ لەرێبازی زۆرێك لەگروپ وحیزبە ئیسلامیەكانی ئەمڕۆدا ، بەشێوەیەك دەبینین پشتیان كردوە لەوەی كەوا گەنجی موسڵمان فێری بیروباوەڕی ڕاستەقینە و پەرستن و هەڵسوكەوتی جوان بكەن بەڵكو هەندێ لەو بانگەوازخوازانە خۆیان خەریك كردووە بەكاری سیاسەتەوە وە هەوڵ دەدەن بچنە ناو پەرلەمانەوە كە لەو پەرلەمانەدا حوكم بەقورئان ناكرێت ، بەم شێوەیە ئەم حیزبانە دووركەوتونەتەوە لەگرنگترین شت ((كە بانگەوازكردنە بۆ یەك خوا پەرستی)) ، وەسەرقاڵ بوونە بەوەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگ نیە.

هەروەها ئەوەی لەپرسیارەكەدا هاتووە لەچۆنێتی بەشداری كردنی موسڵمان لەگۆڕانكاری و چاكسازی ئەم ڕۆژگارە ناهەموارەدا ،

دەڵێم :هەر موسڵمانێك پەپێ ی توانای خۆی ، ئەوەی لەسەر زانایان پێویستە لەسەر کەسانی تر پێویست نیە، وەکو باسی دەکەم لەم بۆنەیەدا (المناسبة):

بەڕاستی خودای گەورە نیعمەتی خۆی تەواو کردوە بەناردنی قورئانەکەی وە گێڕاویەتی بەدەستور و یاسا بۆ باوەڕداران ، لەو قورئانەدا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾( الأنبياء: ٧).

واتە "پرسیار بکەن لەکەسانی خاوەن زانست لەو شتانەی کە ئێوە نایزانن"

خودای گەورە کۆمەڵگای ئیسلامی گێراوە بەدوو بەش: زانایان وخەڵکانێك کەزانانین، وەهەریەکەیان واجب و ئەرکی خۆی بۆ دیاری کردوە لەسەر ئەوی تریان ئەو واجبە نیە، ئەوەی زانا نیە پێویستە پرسیار بکات لەو کەسەی کەخاوەن زانستە، وە پێویستە لەسەر زانایان وەلآم بدەنەوە لەو بابەتانەی پرسیاریان لێ دەکرێ.

بەم شێوەیە واجبات دەگۆڕێت بەگۆڕانی کەسەکە ، زانایانی ئەمڕۆ پێویستە بانگەوازی (خەڵکی) بکەن بۆ ڕێگای ڕاست بەپێ ی توانا ، وەکەسانێك کەزانا نین دەبێت پرسیار بکەن دەربارەی ئەو شتانەی پێویستە لەسەریان فێری ببن یان پێویستە لەسەر ئەوانەی کەئەمان سەرپەرشتیان دەکەن وەکو خێزان ومندالٌ وەهاوشێوەی ئەمانە، ئەگەر موسڵمانان _لەهەردوو کۆمەڵەکە_ هەڵسان

بەئەنجامدانی ئەوەی لەتوانایاندایە ئەوە سەرفراز دەبن (لەدنیا و قیامەت) لەبەر ئەوەی خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ (البقرة: ٢٨٦).

واتە "خودای گەورە داوا لە هیچ كەسێك ناكات تەنها بەئەندازەی توانای خۆی نەبێت ".

ئێمە بەداخەوە لەڕۆژگارێكدا دەژین پڕە لەئازارو ئەشكەنجە بەشێوەیەك لەمێژودا هاوشێوەی نیە ، ئەویش بریتیە لەزاڵبوونی بێ باوەڕان بەسەر موسڵماناندا ، هەروەك پێغەمبەری خوداﷺ خەبەرمان پێ دەدات وەك دەفەرموویێت: (تداعى عليكم الأمم كما تداعى الأكلة الى قصعتها ) قالوا : أمن قلة نحن يومئذ يارسول الله ﷺ ؟قال: (لا ، أنتم يومئذ كثير ولكنكم غثاءٌ كغثاء السيل ، ولينزعن الله الرهبة من صدور عدوكم لكم ، وليقذفن في قلوبكم الوهن) قالوا: وما الوهن يارسول الله ﷺ ؟قال (حب الدنيا وكراهية الموت)[1] .

---

[1] حديث صحيح :رواه أبو داود (٤٢٩٧/١٧) وأحمد(٥/٢٨٧) من حديث ثوبان رضي الله عنه، وصححه العلامة المحدث الألباني في السلسلة الصحيحة ( ٩٥٨).

واتە"میللەتانی تر بەسەرتانە زاڵ دەبن و روتان تێ دەکەن وەکو چۆن خەڵکی دەڕژێنە سەر خواردن "

وتیان ئایا بەهۆی کەمیمانەوەیە لەو ڕۆژەدا ئەی پێغەمبەری خوداﷺ؟ فەرمووی :نەخێر ، ئیوە ئەو ڕۆژە زۆرن ، بەلاّم وەکو کەفی سەر دەریا وان ، وە خودای گەورە ترس لەدڵی دوژمنانتان دەردەکات بەرامبەر بەئیوە وە"الوهن"دەخاتە دڵەکانتانەوە. وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ "الوهن" چیە؟ فەرمووی: (خۆشەویستی دنیا و پێ ناخۆش بوونی مردنە).

بەم شێوەیە پێویستە زانایان کۆشش بکەن بۆ پاککردنەوەی بیروباوەڕی موسڵمانان وەپەروەردەکردنیان ، ئەویش بەفێرکردنی یەك خواپەرستی ڕاستەقینەو چاککردنەوەی بیروباوەڕ وعیبادەت و هەڵسوکەوت دەبێت.

هەموو کەس بەپێ ی توانای خۆی لەو ولاّتەی تێیدا دەژی (چاکسازی بکات) ، لەبەر ئەوەی ئێمە لەحاڵەتێکی وەکو ئەمڕۆدا ناتوانین هەستین بە جیهادکردنی جولەکە ((الیهود)) لەیەك ریزدا ، بەم شێوەیە ناتوانین هەستین بەم جیهاد و تێکوشانە بۆ بەرەنگاری کردنی ئەو دوژمنانەی کەوا زاڵبوونە بەسەرماندا ، بەلاّم پێویستە لەسەر موسڵمانان هەموو وسیلەو هۆکارێکی شەرعی بگرنەبەر کە لەتوانایاندایە .

وە لەبەرئەوەی ئەگەر تواناشمان هەبیّ ناتوانین بەکردار بجولّیین بوّ ئەو جیهادە چونکە لیّرەدا چەندها حکومەت و سەرکردە و کاربەدەست هەیە لەزوّریّك لەولّاتە ئیسلامیەکاندا _بەهەموو پەژارەیەکی زوّرەوە_ کەسیاسەتیّك بونیات دەنیّن لەگەلّ سیاسەتی شەرعدا ناگونجیّ.

بەلاّم ئیّمە دەتوانین _بەیارمەتی خودای گەورە_ئەو دوو کردارە گەورەی لەپیّشتردا باسمان کرد جیّ بەجیّ بکەین ئەویش بریتیە لە چاکسازی و پەروەردەکردن "التصفية والتربية" ، لەکاتیّکدا بانگەوازخوازانی ئیسلام هەلّسان بەم کردارە گرنگە لەولاّتیك کە سیاسەتەکەی لەگەلّ سیاسەتی شەرعیدا ناگونجیّ ، وەپاشان کوّبونەوە لەسەر ئەم بنەما گرنگە، من وادەبینم_لەم ڕوّژگارەدا_ئەو فەرموودەی خودای گەورە بەسەریاندا ڕاست دەبیّتەوە کەدەفەرمیّت ﴿ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝٤ بِنَصْرِ ٱللَّهِ ﴾( الروم: ٤ - ٥).واتە"جا ئەو ڕوّژە بڕواداران خوّشحالّ و دلّخوّش دەبن بەسەرکەوتنیّك لەلایەن خوداوە" .

## پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك بەپێ ی توانا حوكمی خودای گەورە جێ بەجێ بكات لەهەموو كرداری ڕۆژانەیدا :

بەم شیوەیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك كردەوە بكات بەوەی كەلەتوانایدایە ، خودای گەورەش تەكلیف و داوا ناكات تەنها بەپێ ی توانا نەبێت ، هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان یەك خواپەرستی وعیبادەتی ڕاستەقینە وەلەنێوان بونیات نانی دەوڵەتێكی ئیسلامی لەو ولآتەی حوكم بەوە ناكەن كەخودا دایبەزاندوە[1]، لەبەر ئەوە یەكەم شت كەحوكمی پێ بكەین لەوەی خودا دایبەزاندوە بریتیە لەبونیاتنانی یەك خوا پەرستی[2].

لێرەدا _بەبێ گومان _چەند كردارێكی تایبەت هەیە ڕوودەدات لەسەردەمیكدا لەوانە جیابوونەوە "العزلة" لەخەڵكی باشترێكە لەتێكەڵاوبوون لەگەڵیان بەشێوەیەك لە موسڵمان دووركەوێتەوە وەبچێت بۆ دەشتێك وەلەوێ خودای گەورە بپەرستێ و دووركەوێتەوە لەخراپەی خەڵكی بوی ، وە لەخراپەی ئەو بۆ خەڵكی ، ئەم كردارەش فەرموودەیەكی زۆری لەسەر هاتووە ، هەرچەندە

---

[1] مەبەستی شێخ ئەلبانی ئەوەیە : ئەگەر ولاتێك حوكمی بەقورئان و سوننە نەكرد ئەوە نابێتە پاساو لەوەی بانگەوازخوازان وازبهێنن لەبانگەوازكردن بۆ یەك خوا پەرستی . (وەرگێڕ)

[2] ئەم وتەیەی شێخ ئەلبانی گەلێك جوانە وەكو دەبینین زۆریك لەحزبە ئیسلامیەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن كەوا حوكم بەقورئان دەكەن بەلآم لایەنی بانگەوازكردن بۆ یەك خواپەرستی(التوحید)یان پشت گوێ خستووە لەكاتێكدا یەك لەسەر سێ ی قورئان باس لە یەك خواپەرستی (تەوحید) دەكات ، كەوا بوو كوا حوكم كردن بە قورئان !!! !. (وەرگێڕ)

لەبنەڕەتدا تێکەڵبوون باشترە ، وەکو لەفەرموودەکەی (ابن عمرﷺ)دا هاتووە کەپێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: (المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم خير من المؤمن الذي لا يخالط الناس ولا يصبر على أذاهم )[1].

واتە "ئەو ئیمانداەرەی کەتێکەڵ بەخەڵکی دەبێت وئارام دەگرێت لەسەر ئێش و ئازارەکانیان باشترە لەو ئیماندارەی کەتێکەڵ خەڵکی نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ئێش و ئازارەکانیان".

دەوڵەتێکی موسڵمان _بێگومان_هۆکارێکە بۆ بونیاتنانی حوکمی خودا لەسەر زەویدا ، بەڵام هەموو ئامانج ومەبەستێك نیە بەتەنها ! ! !.

لەسەیر و سەمەرەی هەندێك لەبانگەوازخوازەکان ئەوەیە گرنگی بەکارێك دەدەن کەناتوانن پێ ی هەڵسن ، وە واز لەو کردارانە دێنن کەوا لەسەریان پێویستە وە لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانە ! ! ئەویش بریتیە لەجیهادی نەفس وەکو چۆن بانگەوازکارێکی موسڵمان لەکاتێکدا ئامۆژگاری شوێنکەوتوانی دەکات بەو وتەیەی دەڵێت (أقيموا دولة الإسلام في قلوبكم تقم لكم في أرضيكم)واتە"دەوڵەتی ئیسلامی لەدڵەکانتاندا دروست بکەن خودای گەورە ئەو دەوڵەتەتان لەسەر زەویدا بۆ دروست دەکات"

---

[1] حديث صحيح : صححه العلامة الألباني في الصحيحة(٩٣٩).

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبیـنین زۆرێـك لەشـوێنكەوتوانی ئـەم بانگـەوازخوازە سەرپێچی ئەم وتەیە دەكەن ، بەشێوەیەك كەوا كرۆكی بانگەوازەكەیان بۆ ئەوەیە كەوا خودای گەورە بەتاك بزانرێت لەحوكمدا ، وەئەمەش بەرستەیەكی ئاشكراو ناسراو دەردەبڕین((الحاكمية لله))"حوكم كردن بۆ خودا".

بێگومان حوكم بـۆ خـودای گەورەیـە وەشـەریكی نیـە لـەم كرداره و غـەیری ئـەم كردارەشدا ، بەڵام ئەوان هەیانە تەقلیـدی مەزهـەبێك لەچـوار مەزهەبەكـەی ئـەمڕۆ دەكـات ، وەكاتێـك بەڵگـەی سـوننەتی روون وئاشـكراو ڕاسـتی بـۆ دەهێنیتـەوە، دەڵێـت: ئەمـە پێچـەوانەی مەزهەبەكەمـە ! كـوا حـوكم كـردن بـەوەی كـەخودا دایبەزاندوە لەشوێنكەوتنی سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ ؟!!.

هەشیانە خودای گەورە دەپەرستێت لەسەر رێچكە و ڕێبازی سوفیەكان كەواتا كوا حـوكم كـردن بـەقورئان لەیـەك خـوا پەرسـتیدا؟ داوای شـتانێك لەخـەڵكی دەكـەن كەبەو شتانە داوا لەخۆیان ناكەن ((واتە بەخـەڵكی دەڵـێن حـوكم بـەقورئان بكـەن بەڵام خۆیان حوكمی پـێ ناكـەن))، كـارێكی زۆر ئاسـانە كـەوا حـوكمی خـودا جـێ بەجێ بكەیت لەبواری بیروباوەڕدا ، لەپەرستندا ، لەهەڵسوكەوتدا ، لەماڵەكەتـدا ، لەپـەروەردەكردنی منداڵەكانتـدا، لـەكڕین وفرۆشـتندا، بـەڵام زۆر قورسـە كـەحاكمێك حوكم ناكات بەوەی خودای گـەورە دایبەزانـدوە لـەزۆری حوكمەكانـدا تـۆ بتوانیـت لای

ببەی یان ناچاری بکەی بەحوکم کردن بەقورئان ، کەوا بوو بۆچی واز لەکرداری ئاسان بهێنین بڕۆین بەرەو گران و قورس ؟!.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر یەکێك لەم دووانە: یان ئەوەیە لێرەدا خراپی پەروەردەکردن وخراپی ئاراستەکردن هەیە ، یان خراپی بیروباوەڕ پاڵی پێوەناون وە وای لێ کردوون گرنگی بدەن بەشتانێك کە لەتوانایاندا نیە وە دووریان دەخاتەوە لەجێ بەجێکردنی ئەو شتانەی لەسنوری هیزو توانایاندایە.

بۆیە وانابینم(لەم ڕۆژگارەدا) گرنگی بدرێت بەکرداری سیاسی بەڵکو پێویستە خۆمان سەرقاڵ بکەین و گرنگی بدەین بە چاکسازی وپەروەردەکردن وە بانگەشەکردنی خەڵکی بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە، هەموو کەس بەپێی توانای خۆی وە خودای گەورش تەکلیف ناکات تەنها بەپێ ی توانا نەبێ ، وەسوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانان.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .